# کێ دڵشکاوەکانی خۆش دەوێت
## ڕۆمانێکی نوێی شەمس لەنگەرودی



(کێ دڵشکاوەکانی خۆش دەوێت) ناوی دووەمین ڕۆمانی نوسەرو شاعیری ئێرانی شەمس لەنگەرودییە. لەبارەی ئەم ڕۆمانەوە لەنگەرودی دەڵێت: «من هیچ کاتێک بەشێوەیەکی تایبەت دانەنیشتووم بۆ نوسینی ڕۆمانێک، بەلام لە کۆتایی نەوەدەکاندا بۆماوەی ساڵێک لەهۆڵندا بوومو ژیانکردن لەوێ خستمیە کەڵکەڵەی نوسینی ئەم ڕۆمانە.
ئەگەرچی نوسینی ڕۆمانەکە هەمان ساڵ تەواوبوو بەلام تا ئەم کاتە چەندین جار نوسیمەوە، تا سەرەنجام هاوینی ئەمساڵ لەئەمریکا توانیم پاکنوسی بکەم».

شەمس لەنگەرودی شاعیرێکی هاوچەرخو ناسراوی ئێرانییەو جێی یادهێنانەوەیە، سەرەتای ئەمساڵ کتێبێکی شیعری شەمس بەناوی (پەنجاوسێ سترانی عاشقانە) لەلایەن مەریوان هەڵەبجەییەوە کرا بەکوردیو لەلایەن دەزگای چاپوپەخشی سەردەم-ەوە چاپکرا.

# خەڵاتی نۆبڵ
## بەبێ ئامادەبوونی دوریس لیسینگ دابەشکرا



شەوی ١٠ی ئەم مانگە لەهۆڵی خانەی مۆسیقا لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، خەڵاتەکانی نۆبڵ بۆ هەرپێنج بواری (ئەدەب، ،فیزیا، کیمیا، پزیشکی، ئاشتی) بەئامادەبوونی کارل گوستاو پادشای سویدو کومەڵێک لەمامۆستایانی زانکۆو لێکۆڵیاران‌و میوانێکی زۆر بەدەسپێکی موسیقا لەلایەن ئۆکێسترای فیلارمونیکی پادشایەتی بەڕێوەچوو. خەڵاتی ١٠ ملیۆن کرۆنی‌و مەدالیای ئاڵتونی نۆبڵ بەخشرا بە براوەکانی نۆبلی ٢٠٠٧ بۆ ئەو بوارانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن.

جێی باسە دوریس لیسینگ-ی براوەی ئەم خەڵاتە بۆ ئەدەب، هەروەک پێشتریش ڕایگەیاندبوو لەبەر نالەباری ڕەوشی تەندروستی کە ئێستا لەژێر چاودێری پزیشکدایە نەیتوانی ئامادەی وەرگرتنی خەڵاتەکەی بێت.

# وەرزێکی نوێی پیشاندانی فیلم لە گەلەری ئارام



گەلەری ئارام بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما وەرزێکی نوێی پیشاندانی فیلم ڕێک دەخات، ئەم وەزە پێکهاتوە لە نمایش کردن و پیشاندانی (١٨) فیلم کە بەپێی ریزبەندیەکی تایبەت ڕێکخراون،

لە لێدوانێکدا ئارام علی خاوەنی گەلەری ئارام وتی: « ئەم وەرزە بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما ئامادەکراوە پێکهاتوە لە ١٨ فیلم کە لەگەڵ هونەرمەند هۆرێن غەریب وبەهاوکاری تێکۆشەرنەجات هەڵبژێراون، فلمەکان هەموویان جیهانین و خاوەنی چەندین خەڵاتن، هەندێک لە فلیمەکان تەنها وێنەن وحیواریان تیانیە، فیلمەکان بەپێی ریزبەندییەکی تایبەت دانراون وهەموو ئێوارانی هەینەک پێشکەش دەکرێت.

# لە ژێرچاودێری بەهمەنی قوبادیدا
## پێنج کورتە فیلمی نوێ بەرهەم دێت

لەسەر داوای کۆمپانیای( Iara lee & George Gund) بەهاوکاری دامەزراوەی (مژ فیلم) بەسەرپەرشتی هونەرمەند بەهمەنی قوبادی پێنج کورتە فیلمی نوێ بەرهەم دێتو کۆمەڵێک ئەکتەری گەنج و لاو بەشداری تێیدا دەکەن. ناوەڕۆکی فیلمەکان باس لە دژایەتی شەر دەکەن، ئەم فیلمانە لە دەرهێنانی (ئارشام نەقشبەندی، حمید قوامی، بابەک ئەمینی، ناهید قبادی، ئاهورا زمان پیرا)یە و بریارە دوای تەواوبونی فیلمەکان لە کەناڵەکانەوە پیشان بدرێن، مەبەستی سەرەکیش لە بەرهەم هێنانی ئەم فیلمانە پتەوترکردن و گۆرینەوەی پەیوەندیە لە نێوان دەوڵەتاندا.



# بورهان قەرەداغی‌و کورتە فیلمی (دار)



لە پەیوەندییەکدا هونەرمەند بورهان قەرەداغی بە هەفتەنامەی پەیک-ی ڕاگەیاند کە ئێستا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن بۆ وێنەگرتنی کورتە فیلمی (دار) کە لە بیرۆکەی سازگار عەبدوڵاو سیناریۆو دەرهێنانی خۆیەتی‌و لەلایەن دلێر جۆڵا-شەوە کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجام دەدرێت. ئەم فیلمە بەرهەمی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری منداڵانی سلیمانییەو (جەبارمحەمەد، خاتوهنا، فانۆ هاورێ) وەک ئەکتەر دەوری تێیدا دەبینن. بورهان قەرەداخی وتی: «فیلمەکە باسکردن‌و گێرانەوەی ئازارو نەهامەتییەکانی منداڵە لە کۆمەڵگای کوردییدا، کە هەر لەمنداڵییەوە مافەکانیان پێشێل دەکرێت‌و ناچار دەکرێن کاری قورس‌و گران بکەن‌و لە خوێندن دووربکەونەوە.

## بڵاوکراوەی نوێ



### پیرۆزبایی

بەبۆنەی هاتنی جەژنی قوربانەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی خوێنەرانی هەفتەنامەکەکان‌و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین‌و هیوای جەژنێکی پر لەکامەرانییان بۆ دەخوازین.

هەموو لایەکیش ئاگادار دەکەینەوە کە هەر بەم بۆنەیەوە ڕۆژی یەکشەمەی ئاینده هەفتەنامەکەمان دەرناچێت.

هەروەها ئاگاداری ئەو بەرێزانەش دەکەینەوە کە بابەتیان لەژمارە یەک تا ژمارە هەشتی پەیک-دا بڵاوبۆتەوە، دەتوانن لەدوای جەژنەوە پاداشتی بابەتەکانیان وەربگرن.

پەیک


paik_rozhnama@yahoo.com
میدیا تیلیکۆم ٢١٠٦٨٩٣

سەرپەرشتیار : محەمەد کوردۆ mhamadkurdo@yahoo.com
ستاف: توانا ئەمین، شاخەوان سدیق، دیزاین : دیاری محەمەد

دەتوانیت پەیک لەم سایتانەدا بخوێنیتەوە:
www.rozhnama.com www.dengekan.com





ڕۆژنامە پەیک
ژمارە (11)
یەکشەممە 2007/12/16